قایمقامیەتی سلەمانی: لە جژنی قوربانداکین و فرشتنی ئاژەل تەنها لە مەیدانی ئاژەلفرشان رێگەپێدراوە



قائیمقامی سلەمانی رایگەیاند، بە مەبەستی خۆپاراستن لە تووشبوون بە تای خوێنبەربوون، لە جژنی قورباندا کەین و فرشتنی ئاژەل تەنها لە مەیدانی ئاژەلفرشان رێگەپێدراوە و تا ئێستا هیچ حاڵەتێکی تای خوێنبەربوون لە سلەمانی تەمار نەکراوە.

ئەمڕۆ یەکشەممە ١٨ی ئایاری ٢٠٢٥، ئاوات محمد، قائیمقامی سلەمانی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی رایگەیاند، تاکو ئێستا هیچ حاڵەتێکی تای خوێنبەربوون لە سلەمانی تەمار نەکراوە.

وتیشی، لە ڕۆژانی جژنی قورباندا، ڕێگە نادرێن بجگە لە مەیدانی ئاژەلفرشان کەین و فرشتنی ئاژەل لە هیچ شوێنێکی تردا بکرێت.

باسی لەوەشکرد، لێگەڕانی تیمەکانی تەندروستی بەردەوام بەدواداچوون دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لە دڵرەقوتنی هەر حاڵەتێک لەم پێتایە و هەموو هەواڵێک دەدەن بە ڕووبەڕووبوونەوەی.

تای خوێنبەربوون نەخۆشییەکی گوازراوەیە و لە ئاژەڵەوە بۆ مرۆڤەکان دەگوازرێتەوە، لە نیشانەکانیشی بریتین لە: سەرئێشە، تایەکی بەرز، ئازاری پشت، ئازاری جومگەکان، ئازاری گەدە، ڕشانەوە،

سووربوونەوەی چاوەکان و سوور هەڵگەڕانی رووخسار، پاشان سەردەکەشت بە هێندەک نیشانەی زەر توند وەکو خوێنبەربوونی دەم و لووت، هەروەها گرنگترین نیشانە بریتییە لە خوێنبەربوونەکی زەر توند لەژێر پێست کە بەتەواوی لەشی کەسی تووشبوو شین هەدەگەڕێت.